هەرێمی کوردستان – عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر
کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی
بەشی زانستی گشتی
قۆناغی سێیەم

# تەکنەلۆژیای فێرکردن

## مامۆستای بابەت: سارا أحمد محمدأمین

## ساڵی خوێندن: 2024 - 2023

# وانەی حەوتەم

# فێرکردن لەدوورەوە – التعليم عن بعد



# پێکهاتەی وانەکە

ـ چەمکی فێرکردن لە دوورەوە .

ـ ئامانجەکانی فێرکردن لە دوورەوە.

ـ چۆن فێرکردن لە دوورەوە ڕوودەدات؟

ـ کێن ئەوانەی لە (فێرکردن لە دوورەوە) ڕۆڵی کارایان هەیە؟

ـ لایەنە باشی یەکانی.

ـ کەم و کوڕی یەکانی.



**<u>پێناسەی فێرکردن لە دوورەوە:</u>** بریتی یە لەو جۆرە فێرکردنەی کە ماوەی نێوان ماملۆستاو قوتابی یەکان دوورە وە لەناو پۆل کە ماملۆستا بەرامبەر قوتابیەکانی بێت ڕوونادات, بەڵکو ئەو جۆرە فێرکردنەیە کە ماملۆستا لە شوێنێکەو قوتابیەکانی لە شوێنێکی تر, لەم کاتەدا فێرکردن و پەیوەندیکردن لە ڕێگای تەکنەلۆژیاو هۆیەکانی تری فێرکردن وەك (ئینتەرنێت و تەلەفزیۆن و مۆبایل و کتێب و بلاْوکراوەی چاپکراوەکان) دەبێت.



## ئامانجەکانی فێرکردن لە دوورەوە:

1- پشت بەستن بە تەکنەلۆژیا بۆ پەرەپێدانی ژینگەیەکی کارلێک بۆ مامۆستایان و قوتابیان بەشێوەیەک کە بەشداری بکات لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی هەمەجۆری سەرچاوەکانی فێربوون.

2- پشت بەستن بە ئامرازی تەکنەلۆژیای مۆدێرن بۆ پێشخستنی سیستەمی پەیوەندی نێوان مامۆستایان و قوتابیان و یارمەتیدانیان بۆ پەرەپێدانی گفتوگۆی مانادار لە ڕێگەی کەناڵەکانی پەیوەندیکردنی ئەلکترۆنییەوە.



**3-** پێویستی بەبوونی جەستەیی مامۆستایان و قوتابیان لە یەک شوێندا نییە بۆ فێربوون و ئەمەش یەکێکە لە ئامانجە سەرەکیەکانی سیستمەکە.

**4-** پێدانی کارامەیی سەرەتایی بە قوتابیان بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆسەی فێربوونیان لەماوەی پشتبەستن بە گەیشتن بە زانیارییەکان لە ڕێگەی تەکنەلۆژیا.



**-5** یەکێک لەگرنگترین ئامانجەکانی سیستەمی نوێی فێربوون گەشەسەندنی ڕۆڵی هەریەك لە مامۆستاو قوتابیە لەپرۆسەی فێربووندا.

**-6** یەکێک لە ئامانجەکانی سیستەمەکە فراوانکردنی بیرکردنەوەی قوتابیە تاوەکو  مامۆستا وەک تاکە سەرچاوەی زانیاری نەبێت.

**-7** یەکێک لە ئامانجەکانی سیستەمی نوێ ئەوەیە کە زانیارییەکان بە گوێرەی تەمەن پێشکەش بکرێت و ڕەچاوی جیاوازییە تاکەکانی قوتابیان بکرێت.



## چۆن فێرکردن لە دوورەوە ڕوودەدات؟

لە ئەنجامی ئەو هەموو پێشکەوتنەی لە بواری تەکنەلۆژیادا ڕوویانداوە زۆر بە ئاسانی ئەم جۆرە فێرکردنە ڕوودەدات, کە گرنگترینیان:

1. دەنگ (الصوت): ئەم جۆرە فێربوون و فێرکردنە لە ڕێگای ئامێرەکانی دەنگی وەکو (کاسێت، .... هتد)ەوە ڕوودەدات.

2. ڤیدیۆ: ئەم جۆرە فێربوون و فێرکردنە لە ڕێگای ئامێرەکانی دەنگ و بینینی وەکو (فیلم، سی دی، تەلەفزیۆنەوە.. هتد) ڕوودەدات.



## چۆن فێرکردن لە دوورەوە ڕوودەدات؟

3. **زانیاری و داتای ئەلیکترۆنی:** واتە سەرجەم ئەو زانیاری و داتایانە دەگرێتەوە کە بەردەوام بەشێوەیەکی ئەلیکترۆنی لە ڕێگای (کۆمپیوتەرو فاکس و ئیمێڵ و چاپکراوەکان... هتد) دەگاتە دەستی قوتابی هەروەها قوتابییش بۆ مامۆستاکەی دەنێرێت. ئەم ڕێگایە تەنها تایبەت نابێت بە ناردنی وانەو زانیاری، بەڵکو مامۆستا دەتوانێت بەهۆی ئەم ڕێگایەوە هەڵسەنگاندن بۆ قوتابی بکات و بەدواداچوون بکات بۆ کارو چالاکی یەکان و شێوەی خوێندن و فێربوونی و ڕێژەی پێشکەوتنی و هەروەها ئەو بەربەست و کێشانەی کە دێنە بەردەم فێربوونی قوتابی.



# کێن ئەوانەی لە (فێرکردن لە دوورەوە) رۆڵی کارایان هەیە؟



1. قوتابی:
2. مامۆستا:
3. نێوەندو ڕێنماییکار:

## <u>کێن ئەوانەی لە (فێرکردن لە دوورەوە) ڕۆڵی کارایان هەیە:</u>

**أ. قوتابی:** دابینکردنی پێداویستی یەکانی فێرکردنی قوتابی بەردی بناغەو کۆڵەکەی سەرەکی خوێندن لە دوورەوەیە, واتە ئامانجی سەرەکی لەم جۆرە فێرکردنە وەکو هەموو جۆرە فێرکردنەکانی تر قوتابی یە, بۆیە دەبێت هەموو فاکتەرەکانی تر بەجۆرێك بخرێتە گەڕ کە فێرکردنی ئەم جۆرە قوتابیانە مسۆگەر بکەن.



ب. مامۆستایان:

1. زانینی پێداویستی و کێشە سەرەکی یەکانی قوتابی.

2. پێویستە ئەو شێوازو ڕێگایانە بەکاربهێنن کە لەگەڵ فێرکردن لە دوورەوە گونجاون و زۆرترین سوود بە قوتابی دەگەیەنن.

3. زۆر گرنگە بەردەوام زانیاری و داتای نوێ بۆ قوتابیەکان بنێرن یان لەسەرچاوەو زانیاری نوێ ئاگاداریان بکەنەوەو هەڵسەنگاندنی بەردەوام بۆ کارو چالاکی یەکانیان بکەن.




4. دەبێت بەردەوام ڕێنوێنی و ئامۆژگاری قوتابیەکان بکات.

**ج. نێوەندو ڕێنمایکار:** لەم جۆرە فێرکردنەدا زۆربەی کات لەپاڵ مامۆستا پێویستی بە کەسانی تر هەیە وەك ڕێنمایکار لە هەمان شوێنی قوتابی بۆ ئەوەی هاوکاری قوتابیەکان بکەن و ببن بە پردو نێوەند لەنێوان قوتابی و مامۆستا, لەبەرئەوەی مامۆستا دوورەو ناتوانێت زۆربەی کات قوتابیەکانی ببینێت و ئامۆژگاری راستەوخۆیان بکات, بەلاَم ئەگەر نێوەند یان ریێنمایکار هەبێت, ئەوکات مامۆستا دەتوانێت لە ڕێگای ئەوانەوە زانیاری و ریێنمایی یەکانی خۆی بە قوتابیەکانی بگەیەنێت و ئەو ڕێنمایکارانە دەتوانن لە جیاتی مامۆستا یارمەتی قوتابیەکان بدەن و ئاسانکاری پێویستیان بۆ بکەن.

## لایەنە باشی یەکانی فێرکردن لە دوورەوە:

**1. بەکارهێنانی ژمارەیەکی زۆر لە هۆیەکانی فێرکردن بۆ گواستنەوەی زانیاری یەکان بۆ قوتابیان.**

**2. ئاسانە لە وەرگرتنی قوتابیان و فێرکردنیان لە هەر کات و شوێنێك بێت.**

**3. ئابووریانەیە لە خەرجیدا, واتە ئەم جۆرە فێرکردنە کەمی خەرجی دەوێت لە جۆرەکانی تری فێرکردن.**



## لایەنە سلبییەکانی فێرکردن لە دوورەوە:

1. لەم جۆرە فێرکردنەدا ناتوانرێت کارامەیی و تواناکانی قوتابی بدۆزرێتەوە.

2. نابێتە هۆی گەشەسەندنی توانای زارەکی لەالی قوتابی.

3. فێربوون لە دوورەوە دەبێتە هۆی لاوازبوونی پەیوەندی کۆمەلایەتی لەلای قوتابی.

4. لەوانەیە قوتابی تووشی بێزاری ببێت.....

5. ئالۆودەبوون بە ئینتەرنێت.



# پرسیاری تەکنەلۆژیای پەروەردەیی

1- چەمکی تەکنەلۆژیای پەروەردەیی چیە؟

2- ئەو هاندەرانە چین کەوا دەکەن تەکنەلۆژیا بەکاربهێنین ؟

A- کۆمەڵایەتیە.

B- ئابووریە.

C- ڕۆشنبیریە.

D- جیهانیە.

# پرسیاری تەکنەلۆژیای پەروەردەیی

3- بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لە پەروەردەدا بە دروستی لە کوردستان پەیڕەو دەکرێت؟

1- بەڵێ　　　2- نەخێر

4- ئایا بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لە پەروەردەدا کاریگەری لەسەر پێشکەوتنی ئاستی فێرخوازان و مامۆستا هەیە؟

1- بەڵێ　　　2- نەخێر

# پرسیاری تەکنەلۆژیای پەروەردەیی

5- چۆن تەکنەلۆژیا بە دروستی لە پەروەردەدا پەیڕەو دەکرێت؟

A- دابینکردنی ئامێری گونجاو بۆ بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا.

B- ئامادەکردن و ڕاهێنانکردنێکی باش بو ئەندامانی دەستەی وانەووتنەوەو فێرخوازان بۆ بەکارهێنان و جێبەجێکردنی تەکنەلۆژیا.

C- بەکارهێنانی شارەزایانی بیانی بۆ ڕێکخستن و پیادەکردنی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لە پەروەردەی کوردستاندا.

# پرسیاری تەکنەلۆژیای پەروەردەیی

6- چۆن بتوانین گەشە بە جێبەجێکردنی تەکنەلۆژیای فێرکردن بدەین لە قوتابخانەکان؟

A- ڕاهێنانی هەریەك لە مامۆستاو فێرخواز لەسەر بەکارهێنانی جێبەجێکردنی تەنکنەلۆژیای مۆدێرن.

B- ڕەفزکردنەوەی خوێندن لە قوتابخانەکان و وە ئاراستەیان بۆ فێربوون لەڕێگای ئینتەرنێت (e – learning).

C- سەپاندنی یاسایەک بەسەر دامەزراوە فێرکارییەکان و پابەندبوونیان بە جێبەجێکردنی تەکنەلۆژیای فێرکردن.

7- ئایا دامەزراوە فێرکارییەکان دەتوانن سوود لەچارەسەری تەکنەلۆژیا وەربگرن.

1- بەڵێ　　　　2- نەخێر

# پرسیاری تەکنەلۆژیای پەروەردەیی

8- ئەو بوارانە چین کە زۆرتر پێویستیان بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا هەیە؟

A- بواری فێرکردن پەروەردەیی

B- بواری سیاسی

C- بواری ئابووری

# پرسیاری تەکنەلۆژیا پەروەردەیی

9- ئایا بەکارهێنانی تەکنەلۆجیایي فێرکردن لە کەرتی پەروەردەیی تایبەتدا زیاتر لە کەرتی پەروەردەیی حکومەت چڕتر بووە؟

1- بەڵێ      2- نەخێر

10- ئەرکی سەرەکی تەکنەلۆژیایی پەروەردە چیە؟

A- ئەرکی دیزاینەرە    B- ئەرکی پێشکەوتنە    C– ئەرکی بەکارهێنانە    D- هەمووی ئەوانەی سەرەوە

# پرسیاری تەکنەلۆژیا پەروەردەیی

11- چیمان پێویستە بۆ بەکارهێنانی دروستی تەکنەلۆژیا لە قوتابخانەکانی کوردستان؟

A- توانای ماددی B- توانای مرۆیی C– توانای مەعریفی D- هەمووی ئەوانەی سەرەوە

12- ئایا بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لە پەروەردەدا لایەنی سلبی هەیە؟

1- بەڵێ 2- نەخێر

13- ئایا بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای فێرکردن ڕۆڵی مامۆستا دەگۆڕێت؟

1- بەڵێ 2- نەخێر

سوپاس بۆ گوێگرتنتان

و ئامادە بوونتان